# ناسیونالیزمو ئایین سەرچاوەی ئەسڵی ئەنفالکردنی ژنانی کوردستانن!

**(وەڵامێک بۆ کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ پیاوانی ئایینیدادەربارەی توندوتیژی دژی ژنان)**

حەمەغەفور

کارەساتی دڵتەزێنی بەردبارانکردنی "دۆعا" بەربەرییەتی ئەنفالکردنو ڕەشەکوژی ژنانی کوردستانی بە بیانووی پووچی شەرەفو ناموسەوە گەیاندە لووتکەی تاوانکاریو دڵڕەقی خۆی. فلیقانەوەی جەستەی کیژێکی تازەلاو لەلایەن کۆمەڵێکی گەورە لە پیاوانەوە لەناو جەرگەی شارداو بەبەرچاوی پۆلیسەوە کۆمەڵگای جیهانیی بە کوردستانیشەوە ڕاتەکاند. بڵاوبوونەوەی فیلمی ئەم تاوانە قێزەونو دڕندانەیە دەسمایەی چەندین ساڵەی فڕوفیشاڵی بەرقەرابوونی دیموکراسیو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤی ناسیونالیزمی کوردی کرد بە تۆزو چوو بە هەوادا. ئەم ڕاچەنینەی کۆمەڵگاو دەنگی ناڕەزایەتیو کەمپینو جموجووڵی ئازادیخوازانو ڕووناکبیرانو لایەنگرانی ژنان گوشارێکی زۆری خستەسەر دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردیو ناچاریکردن بێنە قسەو هەڵوێستێک وەربگرن. بەڵام چۆن هەڵوێستێک؟!

بەدوای بەردبارانکردنی "دۆعا"دا بێگومان ناسیونالیزمی کورد دەسبەجێ لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەم کارەساتە لەبیر خەڵکو کۆمەڵگا بەرێتەوەو بەلایدا تێپەڕێت. جارێک ووتیان شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەواندایەو کەڕەتێکی کەش ووتیان ئەمە پیلانە لە دژی مادەی 140. بەڵام کارایی نەبوو و ناچاربوون ڕێگەی ئێستا بگرنەبەر. بەم کارەیان جارێکی تریش بە ئاشکرا لە پشت تاوانەکەوە ڕاوەستان. سەرەنجام بەهۆی قەتیسمانەوەی سەدای تووڕەییو ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی چەند کەمپینو هەڵچوونێکداو تەحویلنەبوونی بۆ بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیو سەرتاسەری وا کە دەستببات بۆ ڕیشەی دیاردەکەو بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەم دۆزەخەی ژیانی ژنانو هەڵگێڕانەوەی وەزعەکە لە بەرژەوەندی یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژنانو پیاوان، دەسەڵاتدارانی کوردستانو سەرانی حیزبو حکومەتیان کەوتنەخۆیان بۆ دامرکاندنەوەی ئەم ناڕەزایەتیو ڕاچڵەکینە کۆمەڵایەتییە بێوێنەیە. دەستیانخستۆتە ناو دەستی پیاوانی ئایینیەوەو دەیانەوێ دەستی تاوانکاری خۆیان تێکەڵی ئەم ڕاچڵەکینەی کۆمەڵ لە دژی جینۆسایدی ژنان بکەنو لێرەشەوە خۆیان بکەنە خاوەنی کێشەکە.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر نێچیرەوان بەرزانی سەرۆکی حکومەت کۆمەڵێک لە مەلای مزگەوتەکانو پیاوانی ئایینی کۆکردەوەو دەربارەی دیاردەی ئەنفالی ژنان کۆبوونەوەی لەگەڵیان ئەنجامدا. سەرۆکی حکومەتی هەرێم ووتارێکی خوێندەوە کە دەکرێ وەکو پلاتفۆرمی حکومەتو ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانیشی چاویلێبکرێ لەمبارەوە. سەرنجی دەسپێکی ووتەکەی نێچیرەوان بەرزانی بدەن چۆن دەڕوانێتە دیاردەی جینۆسایدی ژنان: ***"لێرەدا بەر لە دەست پێکردن دەمەوێ داوای یارمەتیو پشتگیری ئێوەی بەڕێز بکەمو هەر چاوەڕوانی ئەوەش دەکەم ئێوەی بەڕێز لەناو کۆمەڵگاو لە خوتبەی هەینی پشتگیریمان بکەن، چونکە دڵنیام لەوەی هەڵویستی ئێوەی بەڕێز وەکو هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زوڵمو ناهەقیەی دەرهەق بە ژنان دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی"*** . بەڕاستی ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە ئەگەر ئەو هێزو لایەنانەی کەوا خۆیان تاوانباری ئەوەڵو ئاخری ڕەشەکوژی ژنانن، ئەوان بێنو کۆبوونەوە سازبکەنو بەدوای ڕێگاچارەدا بگەڕێن بۆ کۆتاییهێنان بە تاوانکاریو توندوتیژی دژی ژنان! بەرای من ئەگەر کۆمەڵگا ڕێگابدات ئەم تاوانبارانە بەمشێوەیە دەمبکوتن لە هەقو هقوقی ژنان، باس لەوە بکەن ئەوان کۆمەڵگا هوشیارکەنەوە

لەبارەی کوشتنی ژنانەوە، دەبێ چاوەڕوانی تراژیدیای گەورەتر بین لە دژی ژنان! بەڵام هەقە کۆمەڵگا وە لە پێشیانەوە ئازادیخوازانو ڕۆشنبیرانو لایەنگرانی یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان بەتووندی بچنەوە بە گژی ئەم هەڵوێستەی حکومەتداو بزووتنەوەیەکی مەحکەمی سەرتاسەری بەرپابکەن. دەسەڵاتداریێتی کوردی کە شازدە ساڵە جگە لە گەندەڵیو ڕاووڕووتو لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە چی شتێکیان بۆ کۆمەڵگا ئەنجامداوە، تا ئێستا ڕێگا بەخۆیان بدەنو دەم لە مافی یەکسانی ژنانو پیاوان بکوتن! دوو شەریکە تاوانی ئەسڵی پاکتاوکردنی ژنانی کوردستان، یانی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستیو پیاوانی ئایینی هاتوون باس لە وەستانەوە دەکەن لە دژی کوشتاری ژنان بەبیانووی شەرەفەوە! ئەمە دەلیلی ئەوەیە پەرشوبڵاوی بەرەی ئینسانیو ئازادیخوازان بۆتەهۆی چۆڵکردنی مەیدانو ئەوان دەیانەوێ پڕیکەنەوە. هەر ئەوەش بۆتەهۆی ئەوە کە ژنان بە کۆمەڵ بکەونە بەردەم چەقۆی پیسی شەرەفو ناموسپەرستییەوە. سەرنجبدەن نێچیرەوان لە بەشێکی تری قسەکانیدا چی دەڵێ: ***"لەو کۆبوونەوەیەدا جەزدەکەم جەخت بکەمە سەر پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کارکردن لەگەڵ پیاوانی ئایینی بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی تازە بۆ مامەڵەکردن لەسەر پرسی توندوتیژی دژ بە ئافرەتو بێڕێزی بەرامبەر بە ژنان. ئەم حاڵەتانەی کوشتن کە لەم ماوەیەی دواییدا ڕوویانداوە لەلایەن ئەندامانی خێزانو بنەماڵەو خزمو کەسی ئافرەت، حاڵەتی کوشتنی بەئەنقەستو بێمانانو لە هیچ کۆمەڵگاو دیانەتێکدا جێگایان نابێتەوە"*** سەرۆکی حکومەت بەنیازە تا بکرێ دیاردەکە بچووکبکاتەوە، ئینجا بە خستنەپاڵی ئۆباڵی تاوانی کوشتنی ژنان بۆ سەر بنەماڵەو خێزانو کەسوکار، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێو بزووتنەوەی ناسیونالیستیو ئایینی ئیسلام لەم تاوانکارییە دڕندانەیەو لەم کۆمەڵکوژییە بێچرپەیەی ژنان بێبەری بکات! تەنانەت کۆمەڵگاش قەرزاربار بکات بەوەی کە جەنابیان تەشریفیان بردووەو مەرحەمەتیان نوواندووەو خەریکن کاری خێر بۆ دۆزی ژنان ئەنجامئەدەن!

لە هاوینی ساڵی 991وە تا ئەمڕۆ لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیدا چەندین هەزارکەس لە ژنانو کچانی ئەم وڵاتە تیرۆرکراون، سەربڕاونو زیندەبەچاڵکراونو جەستەی لەتوپەتکراویان لە پەناو پاسارەکاندا دۆزراونەتەوە. یاخود ناچارکراون بە خۆکوژیو خۆسووتاندن وە یاخود تووشی سەدمەی دەروونی وا هاتوون کە تامردن پێوەی دەناڵێنن. ئەم پاکتاوەڕەگەزییە لە دژی ژنانی کۆمەڵگای کوردستان ئەو کاتە ڕێی بۆ کرایەوەو سەرتاپاگیربوو کە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی خۆیان بەدوای خرۆشانە جەماوەریەکەی ئازاری 991دا وەکو یەکەمین مژدەو دیاری دەستیان بۆ خەڵکی کوردستانی ژێرچەپۆکی دیکتاتۆری هێنایان. بە هەمان شێوازو نەریتی ڕژێمی فاشیستی بەعسی کە بەناوی "غسل العار"ەوە حەملەی ئیمانی لە بەرامبەر ژنانی عێراقدا دەستدابوویەو کەوتبووە ملپەڕاندنی ژنان، ئەمانیش دەستیاندایە حەملەی کوشتنی بەلێشاوی ژنان. ئەم ڕەشەکوژیەی ژنان جینۆسایدێکی مونەزەمو ئاشکراو ڕوونە کە بە پانتایی ئەم کۆمەڵگایە شازدە ساڵە ژیانی ژنانی وڵات دەهاڕێو کۆمەڵگای ئێمەی نوقمی کارەساتی جەرگبڕو کۆستی گەورەو نائارامی بەردەوام کردووە. جگە لە موئەسەسە دینیو عەشایەریو سوننەتییە باوەکانی کوردستان، حکومەتەکەی ئەوساو ئەمەی جەنابی بەرزانیشو هەردوو حیزبی پارتیو یەکێتی ڕاستەوخۆ لە پشتیەوە ڕاوەستاون. نەک هەر ئەمە بەڵکو تەنانەت بە ڕووقایمیشەوە سەرانی ئەحزابی قەومیو پیاوانی ئایینیو سەرۆک خێڵو قەبیلە هەم فتوایان داوە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هەم بە هەموو بارێکدا بە فڕوفیشاڵی تەبلیغاتی پیاوسالاریو شەرەفپارێزیو ناموسپەرستانە ئەم دەمارگیرییە پیسو دواکەوتووانەیان توندتر کردۆتەوە. سەرهەڵدانو برەوسەندنو مانەوەو درێژەی ئەم دیاردە خەتەرو قێزەونە بەر لە هەر کەسو لایەکی تر حکومەتو ئەحزابی دەسەڵاتدار لێی بەرپرسیارن. دابونەریتو ڕەسمو عادەتی باو، فەرهەنگو مۆراڵو نەریتی میدیاو ڕاگەیاندنی زاڵ لەم ماوەیەی دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردیدا هەتا دەگات بە کۆبوونەوەی نێچیرەوان بەرزانی لەگەڵ پیاوانی ئایینیو لێدووانەکانی مەسعود بەرزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بڕێک لە

نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکانیان، ئەگەر توێژینەوەی دروستو یاسایی بۆ بکرێت، بێ کەموزیاد بەشێکی تەواوکەری فتوای مزگەوتەکانو خوتبەی هەینیو شەممەی پیاوانی ئایینیو نەعرەتەی تیرەوتایەفەو عەشایەری بوون. سەرنجێکی کورت بۆ سەر دیاردەی قێزەونی ڕەشەکوژی ژنان بە بەهانەی پاککردنەوەی شەرەفی نەتەوەو بنەماڵەو قەبیلەوە دەریدەخات کە ئەم کۆمەڵگایەی ژێرسایەی ناسیونالیستی کوردی تاچەندە دوورە لە ژیانی هاوچەرخو چەندەش کۆمەڵگایەکی نەخۆشو دەرناکەو چەندەش بانگەوازی بەرەیەکی نوێ، بەدیلێکی نوی دەکات بۆ دەرهێنانی موقەدەراتی کۆمەڵگا لەژێر چنگی ئەم سەرەتانانەی ئینسانییەتو ژنان!

ڕەکیزە سەرەکییەکانی دوو بزووتنەوەو دوو ئایدیۆلۆژیای حاکم لە کۆمەڵگای کوردستاندا، یانی ئایینی ئیسلامو ناسیونالیزم، کە هەردووکیشیان هەوێنی خێڵەکیو عەشایەریان لە ڕۆحیاندا هەڵگرتووە، بە گشتی بریتین لەو دامودەزگاو پێکهاتە سیاسیو ئایینیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیانەی کە بێگومان بە پاڵپشتی ئەو بوارو دەرفەتەی کە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەو جیهان بە تایبەتی جەنگی داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق بۆ ئەم بزووتنەوانەی کردۆتەوە، توانیویانە قودرەتی سەربازیو ئابووریەک بەدەسبێنن بە قیمەتی شازدە ساڵ هەڵواسراوی چارەنووسی کوردستانو گەندڵییەکی موزمنو بەرەڵاییەکی بێوێنەی ئیداریو حکومەتی کە خەڵکی کوردستانی بە هیلاک بردووە. بەمشێوەیە تا ئێستا موقەدەراتی کۆمەڵیان کۆنترۆڵکردووە. دەورو نەخشی ناسیونالیزمو دین چەندە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەرجەمی مەسەلەو بابەتەکانی دیکەی کۆمەڵدا لە بەرژەوەندی خەڵکو کۆمەڵگا بووە، هەر هێندەش لەم ئیدیعایەیاندا بۆ مەسەلەی ڕەشەکوژی ژنان لە بەرژەوەندی بنبڕکردنی توندوتیژیدا دەبێت! ئەم هێزانە ماکی بنەڕەتی سەرتاپای دەردو مەینەتییەکانی کۆمەڵگاکەمانن. هەتا ئەوان خاوەنی سوڵتەو موقەدەرات بن، کۆمەڵگا ئاهی پیانایەتو کێشەو گرفتەکان قووڵترو ئاڵۆزتر دەبنەوە. لە کۆمەڵێکی واشدا جگە لە خۆیان کەسی تیا ناحەوێتەوە. دەبێ خەڵکو کۆمەڵ بیر لە ئاییندەی خۆیانو نەوەکانیان بکەنەوە. تاکەی ئەم دومەڵی ژانانە بەسەر شانو ملی کۆمەڵگاوە تەحەمول دەکرێن! بە هەق لە پێناوی کۆمەڵگایەکدا کە ڕێگا نەدات ژنان وەکو پەڵەی تاوان تەماشابکرێن، کۆمەڵگایەک کە ئینسان ئازادو یەکسانو وەکویەک بن تیایدا، ژنان تیایدا ئینسانو خاوەن مافی یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا، دەبێ بێینەمەیدانو سنوور بۆ سوڵتەی فکریو دەسدرێژی ئایینو قەومپەرستیو نەریتی خێڵەکی لە دژی ژنان دابنێین. ئەمە کارێکە لە توانادایە.

2007/7/26